Dr.Saleh Ebrahimi



کونگرەی هەورامان ناسی و ریزدانان بوئەوزاتانەی هەورامـانین یـا بـەزاراوەی هەورامانی قسە دەکەن کە لە ١٥ ، ١٦ و ١٧ ی گولانی سـاڵی ١٣٧٩ ی هـەتاوی و ئاوریلی ٢٠٠٠ ی زاینی لە شاری سنەی زاناپەروەر سازدەدری.

## شارەزوری: مەولاناحالد:

قوطب الاقطاب نوسخەی جامیعە و نوسخەی نابیغە مـەلانا خـالد شـا رەزوری (قُدّس سِرُهُ العزیز)

روناکی دەری ریگا، نیشاندەری حەقیقەتو تیشکی ریبازی خودایـی ، پـیری دەستگیر، سەر زنجیرەی تەریقەتی نەخشی دانشتوی دوندی پیگەیشتو، بو تیگەیاندنی تیگەیشتو، بو ژینەری سەتەی سیزدەهەم، تیریـژو تـیشک و نـوری روژ (ضـیاءالدیـن ابوالبها) نوسخەی نابیغە، مەولانا خالد ذوالجـناحین ، شـارە زوری -١- نـە خشـبەندی زاتیکی گەورەو گرانو نورانیو هوزان بووە، هەر وە کو زریوار لیواو لیو بووە لە زانستو زانینو خوا ناسیو عیرفان، کە لە ئاسمانی کوردەواریدا، روژیکی پر گرشە گرشو ورشە ورشو پرشینک دەر و تیریژ هاویژ بووە، لە ماوەیەکی کەمدا لە سوینگەی گزینگی نوری خوی، بەشیکی زوری لە نیشتمانەکـانی جـیهانی ئـیسلامی سـەردەمی خوی رونـاک کردەوەو پەردەی رەشو نەگبەتی لە سەردلو دەرونی خەلکی لاداو نوری خوا ناسیو زانستو خوو ئاکاری جوانو چاکی لە دلو هەناوی خەلکدا هەلکرد .

خوا لیخوشبو هیدایەت لە (تذکرۂ ریاض العارفین) دا لە بابەت حەزرەتی مەولانا خالد نەخشبەندی یەوە (قدس سرە العزیز) نوسیویەتی: «خالد کوری ئەحمەد حوسەینی سولەیمانەیی، فەخری عاریفانو زینەتی سالیکانەو جییَ شانازی هەموانە، شیخ خالید، لە پیگەیشتنو تیگەیاندنو تیگەیشتندا لەبارو بابەتی سوریو مەعنەوی تەکو تاکبو، لە تورەمەی کوردانی سولەیمانییەو لە بەغا خیوی خانەقاو خاوەن بارەگا بووە.

لەگەل زانایانو هوزانفانانی خولی خویدا هاو دەمو هاو نشین بووە، سـالەهـای سال بەفەقییەتی هەلوەدای فیربونی زانستو زانین بـوەو لەخـزمەت زانـایانو پـیرانـی

Dr.Saleh Ebrahimi



دەستگیری ئەو رۆژگارە، رەنجو شەو نخونی کێشاوە، تا مەزەی مەعریفەتو حوناسینو خوا ناسی چیشتوەو چەشکەی کردوە، درگانەی پەناگای هەژارانو کۆری تەژی لە میران بوە، زۆر دلاوا و دل لاوێن بوەو بەتاعەتو عیبادەت کردن بۆ خوا ناو داربوە، زۆری تەریقەت دیوە، بەلام ئاگری ئەوینی رێبازی نەخشی لە دلو هەناویداگری گرتوەو ئوگر بەو تەریقەتە بوە، ئێستا زنجیرەی بەرزو تەرزی نەخشی بە وجودی ئەو نەخشاوەو شانازی پێوە دەکا، شێخێکی سەر بەخوو شیاوی ئەو دارو دیارە یە ،لە ولاتی زۆر دورەوە بە تایبەت خەلک دەچونە دەسبوسی، بە هۆی دەرونی پاکی ئەوزاتە پاکەوە قفلی گەنجینەی ویستو ئارەزویان دەکەنەوە...»-۲- باوکی مەولانا خالد ناوی خوسەینەو -۳- لە تیرەی (میکایەلی)یەکە یەکێکە لە تیرەکانی خێلی جافی مرادی.
نوکتە: هەندێ لایان وایە ناوی باوکی مەولانا خالد ئەحمەد -ە، هەر وەکو محەمەد بن سلیمان عەبیدی نوسیوتی.(۱)

زاناو خواناسی گەورە مەلا محەمەد -ی (مەحوی)کە لە سالی / ۱۲۵۲ کۆچی لە دایک بووەو لە ۱۳۲۴ کۆچی مانگی وەفاتی کردوە لە پەسنی حەزرەتی مەوەلانا خالید شارەزوری بە شیعر فەرمویەتی ئەمە برێک لەو هۆنە:

**هۆنە :**

وتم: وا سەرفەرازت کردم، ئەمجا سا دەخیلت بم
لە باتیی من، صەبا ، تۆ دەچییەوە عەرضکە ئەمجارە

---

(۱)لاپەرەی ۲۹ ی پەراوەی حەدیقەی ندیە لە تەریقەتی نەخشبەندی یەداکە لە پەراوێزی پەرتوکی (فیض وارد) لە سەر کتێبی رەوز مەرسیەی مەولانا خالد چاپی میسر سالی ۱۳۱۳ کۆچیدا نوسراوە.
خێلی جاف زیاتر لەبیست هەزار بنەمالەن کە لە کوردستانی گەرمێنو کویستاندا دەژین.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەگەرچی مودەیێکە مـن لە ظولماتی سیا بەختی
وەنە، زەرەی وجـودم، رۆژی روناکـم شـەوی تارە
لە فەیضی ناوی مەولانا ضیائەدین)ە وە ئێستە
هەمو رۆژە شەوم، قەترەی وجودم بەحری ئەنوارە
هەتا ئەو ناوە پاکەم کردە زیکرو فیکری رۆژو شەو
هەناسەم بۆنی میسکی گرتوە لێوم شەکەربارە
بە یومنی ئەو بەهارە پایزو زستانو هاوینم
کە هەرگاهێ بکەم بەحسی لەدەورم گوڵ بە خەروا رە
بە ئیخلاسی ئەوم ئاوێنەکەی دڵ وا جەلاداوە
کە چیهرەی شاهیدی مەقصودی تێدا نمودارە
جەماڵی رابیطەی وا دڵ بەرە بەختی خەواڵوشم
بە ئومێدی تەماشا یەک هەمیشە چاوی بێدارە(١)

حەزرەتی مەولانا خالد لە هۆزی میکایەلی جافە، هەندێ لایان وایە لە ساڵی ١١٩٢و هەندێ تریش لایان وایە لە ١١٩٣ ی مانگی و ١٧٧٩ ز ـ لە قەرەداغ سەر بە سولەیمانی لە دایک بوە ـ ٤ ـ بەڵام مەولانا شێخ ئەسعەد صاحێب کە خزمی مەولانا خالدە، لە کتێبی : (بغيةُ الواجد) دا ساڵی ١١٩٣ ی بەراست داناوە(٢) ـ ٥ ـ دایکی مەولانا خالد ناوی فاتمە خاتون ژنێکی سەییدە لە بەرەی سەیید محەمەد زاهید ناو دار بە (پیر خدری شاهۆیی) یە. ـ ٦ ـ باوکی حەزرەتی مەولانا خالد مەولانا ئەحمەد حوسەینی لە نەوەی پیر میکایەلی شەش قامکەی جافە(٣)

(١) دیوانی مەحوی پەرەی ٤٦٧ تا ٤٦٥ چاپی ١٣٦٧ ئوفسێتی ئێران اینتشارات صلاح‌الدین ایوّبی مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کُردی.

(٢) یادی مەردان ج ١ پەرەی ٨ چاپی ١٩٧٩ ز کۆڕی زانیاری کورد.

(٣) مێژوی مەشاهیری کورد لاپەرەی ٢٩٧ و ئەکراد لە بادینان پەرەی ٧٧

Dr.Saleh Ebrahimi



هەندێ لایان وایە حەزرەتی مەولانا خالد دەچێتەوە سەر حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفان[١] ناودار بە زی نورەین خەلیفەی سێوەم.

هۆزی مەولانا لە بەر ئەوەی دەچێتەوە سەر پیر میکایەل بە پیر میکایەلی ناودارە.

**خوێندنی مەولانا خالد:**

حەزرەتی مەولانا خالد لە سەرە تاوە لە قەرەداغ لە پێنج فرسەخی سولەیمانی قورئانی پیرۆزو کتێبە وردیلەکانی باوی رۆژگاری خۆی: فارسیو کوردیو عەرەبی لای باوکی خوێندوە. جا لە دواییدا ئەویش وەکو هەمو مەلاو فەقێ، نێو کوردەواری بۆ خویندن دەچێتە حوجرەی فەقێ یانو بەفەقێ یەتی شارەو شاروگونداو گوند بۆ فێربونی زانست دەگەرێ، لە فێرگەی هۆزانفانانێکی وەکو مەلا سەیید عەبدولکەریم بەرزنجیو مەلا سەید رەحیم بەرزنجی برای مەلا سەیید عەبدولکەریم، مەلا جەلالەدین خورمالێ، شێخ مارفی نۆدێی کە لە تەریقەتدا لەسەر رێبازی قادری بووەو لای مەلا ئیبراهیم بیارەیی[٢] و مەلا محەمەد صالح تەرە ماری[٣] و شێخ عەبدوللا خەرپانیو مەلا مەحمود غەزایی و عەللامە مەلا رەحیم[٤]کە هەر یەکە لەوانە ئەستێرە یەکی گەشو پرشینگدار بون بە ئاسمانی زانینو زانستو ئەدەب و فەرهەنگ و زانیاری یەوە. هەر وەها ماوەیەکیش لای (صبغة‌الله) ئەفەندی لە بەغا خوێندویەتی.

مەولانا خالد، ماوەیەکیش لە فێرگەی عەللامەی گەورە: مەلا محەمەد کوڕی ئادەم باڵەکی خوێندویەتی.

---

(١) ئەنواری قودسییە پەرەی ٢٢٥

(٢) تاریخی سولەیمانی پەرەی ٢٢٥.

(٣) تەرەمار گوندێکە لە ناوچەی سورداش

(٤) زیاری گوندێکە لای شەقلاوە سەر بەهەولێر

Dr.Saleh Ebrahimi



حەزرەتی مەولانا خالد لە سەرەتای خوێندنەوە خوی بەکەم خەوی‌وکەم خۆری گرتبو و خوی دابوە عیبادەت کردن‌و ریازەت کێشان‌و دوای تەواو کردنی دەرس خوێندن‌و پیا چونەوە، کاتی خۆی بە عیبادەت‌و زیکر و فیکر کردنەوەو قورئان خوێندن و سەرنج دان بەواتاو تەفسیری قورئان ، ڕای‌دەبوارد.

مەولانا خالد گیان‌و لەشی پاکی خۆی بۆ دەرکی ئەنواری مەعریفەت‌و تێ گەیشتن‌و پێگەیشتن، ئامادە، دەکرد. هەروا قەریحەی زاتی‌و زەوق‌و چەشەی خوا پێداوی خۆیی تاقی دەکردەوەو جارو بار چامەو هۆنەی دەوت‌و شیعری دەهۆندەوەو کەم‌کەم هێزی نوسەری‌و شیعرو شاعیری پەیاکرد.

### ئەمەش شیعرێک لە مەولانا خالد

دور لە روت هێندە موتەووەل بو شەوی هیجرانی تار
موختە سەر زۆر دەست درێژی کردوە زولفەینی تۆ
چاوی بیمارت کە ئەروانی «شیفا» یە بۆ نەخۆش[1]
«بوعەلی» ئەم «حکمةالعین» ەی نییە وەک عەینی تۆ).[2]
رومەتت ئاوی دلارامی هەوای تەرکردوە
تا لە سەرکولّمت دەری خست شێوەیی قەوسەینی تۆ[3]

---

(١) ئاماژەیە بۆکتێبی شفای بوعەلی‌سینا لە مەنتیق، ئیلاهیات‌و تەبیعی‌یات، وەگرینگترین کتێبە لە فەلسەفەی ئیسلامی داو لە حیکمەت‌دا، ئەو پلەی هەیە کە قانون لە پزیشکی‌دا هەیەتی‌و زۆری شەرح لەسەر نوسراوە کە لەهەموان پەرە دارتر شەرحی سەدرەدین شیرازی‌یە.

(٢) مەبەست لە بوعەلی کوری سینایەو (حکمةالعین)یش لە فەلسەفەو پزیشکی‌دایە نوسراوی بوعەلی سینایە

(٣) یانی تا لە سەر کولّمت کوڵکە زیرینە: قەوس‌و قەزەح‌و بەلّکە زیرینە لە شێوەی برویی کەوانت ساز بدەن

Dr.Saleh Ebrahimi



بێـــتو «خـــالد» شـەرحــی ئــەو ئــەبرۆ مشکـینه بکـا
«قــاب قَـوْسَیْن»ە مــەتافی رۆحــی بۆ سـەهمەینی تـو(١)

## حاجی قادر کۆیی و مەولانا خالد

حاجی قادر کۆی بە شیعر دەڵێ: قوتبی زەمانە حەزرەتی مەولانا خالد شارەزوری نەقشبەندی (٧٧٧ ـ ١٨٢٦ ز) هەر وەکو من لە دەس داگیرکەران ئاوارە بووە.

قــوتبی زەمــانە خــالد ئــاوارەبــو وەکـو مـن
بێ قەدرو قیمەت و شان، بێ خان مان و بێ نان.(٢)

دوای گەرانەوە، بۆ قەرەداغ، ئەو رەحمان پاشای بابان تکا لە مەولانا خالد دەکا کە بچێتە سولەیمانی و لە فێرگەی ئەودا خەریکی دەرس وتنەوە، بەفەقێ و مـەلایان بێ. بەڵام مەولانا دەڵێ: هێمان دەیەوێ بخوێنێ و لە قەرەدا غەوە دەچێتە ئێران و لەشاری سنە لە فێرگەی عەللامەی ناودار **شێخ محەمەد قەسیم مەردۆخی** کە ماموّستای زانستی ریازی بوە دەس دەکا بە خوێندنی حیساب و هـەندەسەو فـەلەکـیات و زانسـتی حـیکمەت و هەیئەت و ئەستێرە ناسی و خەریکی فێربونی ئەو زانستانە دەبێ و لە دواییا. ئیجازەی ئیفتاو تەدریس لە مەعاریفی ئیسلامیدا لای ئەو زاتە وەر دەگرێ و لە ساڵی **١٢١٣** ی کۆچی

(١) قاب قوسین: ژێی کەوان، مەتاف: جێی تواف و سورانەوە یانی ئەگەر بێتو خالد دەم لە شـەرحـی بروی رەشی بوّن خوّشت بدا ئەبێ بە ئەندازەی دوری ژێی کـەوانێک، وەکـو پـەروانـە بـە دەوری رومەتتدا بسورێتەوەو روّحیشی بکاتە نیشانە بوّ تیری موژگانت قاب قوسین: ئـاماژەیە بوّ مـیعراجـی رەسولی خوا لەشەوی ئیسرا ـ بروانە کتێبی روّحی مەولانا خالد، هی پیرە مێرد. پـەرەی ٩١ تـا ٩٠ چاپی ١٩٨٧ چاپخانەی زەمان بەغا ـ

(٢) پەرەی ٨٧ دیوانی حاجی قادر کویی چاپی ١٩٨٦ ـ بەغا

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی لە شاری‌سنەی زانا پەروەر دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی باو باپیرانی خۆی، لەو سەردەمەی‌دا ـ لەساڵی ١٧٩٨ ز ـ مەولانا شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی ماموٚستای مەولانا خالد لە شاری سولەیمانی بارگەی بەرەو لای خوا تیکنابو، جاکوڕێ لە زانایان تکا لە مەولانا خالد دەکەن بچێتە سولەیمانی‌و لەسەر فێرگەی ئەوزاتە پاکە خەریکی دەرس وتنەوەو ڕێنوێنی کردن بێ. جا لە شاری سولەیمانی فەقێ‌و مەلایەکی زوٚر لە هەر لایەکەوە رودەکەنە مەولانا خالد شارەزوری‌و لە زانست‌و زانینی ئەو زاتە پاک‌و چاک‌و زاناو بلیمەتە، زانست‌و خو و ئاکاری چاک‌و جوان‌و خودایی فێر دەبن.

مەولانا خالد دوای شەش ساڵ دەرس وتنەوە لە ساڵی ١٢٢٠ی مانگی‌و ١٨٠٥ ز ـ بۆ حەج و زیارەت بەرەو حیجازو مەکە و مەدینە دەکەوێتە ڕێگا، لە ڕێگای موصڵ، دیار بەکر، ڕەها، حەڵەب و شارەکانی شام‌و فەلە ستینەوە، دەڕواو لەهەر شارو ئاوایەکدا دەچێتە دیدەنی زانایان و پیاو چاکانی ئەو شوێنانەو خەریکی ئیفادەو ئیستیفادە ئەبێ، لە شام دەچێتە دیداری (شێخ محەمەد کوز بەری) کە لە ساڵی ١٢٣١ کوٚچی وەفاتی کردوە، کە مودەریسی دارالحدیس بوە). لە مزگەوتی بەنی ئومەیە لە شاری دیمەشق دا وەهەروا لەوێدا دەچێتە خزمەت شێخ مستەفا کوردی کە هەردوکیان لە عیلم‌و عەمەلدا زوٚر ناودارو عەللامەی روٚژگار بون‌و لە فێرگەی پر پیت‌و بەرەکەتی ئەو دو زاتەدا ئیجازەی ئەورا دو ئەزکارو گێرانەوەی فەرمودەی پێغەمبە (د ـ خ) وەردەگرێ و لە گەڵ تەریقەتی قادریشدا ناسیاو دەبێ(١)

مەولانا خالید دوا بە دوای زیارەت کردن لە مەکەوە بەرەو مەدینە دەڕوا و لەو ماوەی کە لە شاری مەدینەدا بووە قەصیدە یەک بە زمانی فارسی لە پەسەندی پێغەمبەر دا (د ـ خ) کە بەحەوت بەند ناو دارە، دائەنێ : ـ

---

(١) بڕوانە ئەنواری قودسیە لاپەڕەی ٢٢٦.

Dr.Saleh Ebrahimi



هۆنە:

ســـــرور عــــالم! مــنِ دلداده حــیرانِ تــوام
واله و ســـــرگشتەی ســـودای هـــجران تـــوام
شـاه تـخت قـاب قـوسینی تـو، مـنِ کـمتر گـدا
کـــی بُـوَد یـارای آن گـویم کـه مـهمانِ تـوام
دیگـــران بـــهرِ طـــوافِ کـــعبه مـی آیند و مـن
کـــو بـــه کـــو افـــتادەی، کـــوه و بیابانِ تـوام
دوش در خـوابـم نـهادند افسرِ شـاهی بـه سـر
گـــوئیا پـــا مـــی‌نهد بـــر فـــرق، دربـانی تـوام

دەڵێن: مـەولانا خـالد شـەوێک شـا عـەبدوڵلا دیـهلەوی لەخـەوندا لە جـلکی دەروێشدا ئەبینێو پێی دەڵێ: برۆ حەج ئەوە بو لە ساڵی ١٢٢٠ کۆچیدا چوّتە حەج و دوای گەرانەوە بۆ شاری سولەیمانی: چاوی بە میرزا رەحیم بەگ ناودار بـە (مـحەمەد دەروێش عەظیم ئـابادی) دەکـەوێ و پێکـەوە لە سـاڵی ١٢٢٢ ـ هـەندێ دەڵێـن: لە ١٢٢٤ ی مانگیو ١٨٠٩ ز ـ بە رەودیهلی دەرۆن و دەچنە حوزوری شـا عـەبدوڵلا دیهلەوی مورشیدو شێخی تەریقەتی نەخشی هێند(١) کە لە کوردستاندا بە (بەهائەدین محەمەد نەحشبەند ناوەدارەو ناز ناوی (خواجەی مـوشکیل گـوشا)ی پێ دراوە، هـەر وەکو حەزرەتی مەولانا خالد لە پەسەندی ئەودا فەرمویەتی:

(١) بڕوانــە تـاریخی سـولەیمانی لاپـەرەی ٢٢٥ و التـعریف بـمساجد السـلیمانیه لاپـەرەی ٤٨ و تاریخی تصوف لە کوردستاندا لاپەرەی ١٠٥.

Dr.Saleh Ebrahimi



**هۆنە :**

بـەبی نـقشی چـو کـردی سـر بـلندش    نـــهادی نـــام شـــاه نـــقشبندش
زبس از وی گـــره از کـــار وا شـــد    خـطابش خـواجـەی مشکـل‌گشا شـد

دەگێڕنەوە کە مەولانا خالد لە (ڕێگای کوردستان و کرماشانو هەمەدان، تاران، بستام، خەرقان، سەمنان و نیشابور، بەرەو هێندوستان دەرواو لە بستام لەکاتی زیارەتی قەبری (سوڵتان الاولیا شێخ بایەزیدی بستامی) بڕە شیعرێک دەڵێ کە ئەمە هەندێ لەو شیعرانەیە:

**هۆنە :**

یـــارب بـــه حـقِّ تـربتِ سـلطانِ بـایزید    یـــارب بـــه قـــاطعیتِ بـــرهانِ بـــایزید
یـــارب بـــه آشـــیانەی شـــهبازِ لامکـان    یـعنی بـه قـرب و مـنزلتِ جـانِ بـایزید

تائەو شوێنە کە دەرفەرمێ:

بـــر (خـــالد) شکســـتەی پـــیچارەی غـــریب
بگشـــا، دری، زمـــخزن، عـــرفانِ بـــایزید
او را بـــه خـــود، رســـان و زخـود بـینیش رهـان
اوهـــم شـــود یکـــی زغـــلامانِ بـــایزید

وەلەویۆە بۆ زیارەتی بارەگای (حەزرەتی ئیمام رەزا - (س) دەچێتە مەشهد ولە گەڵ زانایانی ئەوێ دەکەوێتە نێوباسی عیلمی و فەلسەفی، هەمو لەزانایی، حازرجوابی، وردیو بیروردی ئەوزاتە مات دەمێنن.

حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوری لە مەشهەدەوە بەرەو شـاری جـام ئـەرواو لەکاتی زیارەتی گڵکۆی شیخ‌الاسلام شیخ ئەحمەد نامقی جامی چەن شیعرێک بەم جورە دەڵی : -

Dr.Saleh Ebrahimi



**هۆنە:**

(خالد) بیاو عزم سفر در این مقام کن

بر **روضه رضا** به دل و جان سلام کن

مەولانا خالد لەو سەفەرەدا ئەگاتە خاکی ئەفغانستانو لە شارەکانی هیرات، قەندەهار، کابل، پێشاوەرو لاهورە وە ئەرواو لە هەمو شوێنێک لەوشارانە لەگەڵ زانایاندا ئەکەوێتە وتو یژو قسەی زانستیو زانیاری و لە زۆر بەی ئەوشوێنانە، زۆر ریز لە مەولانا خالد دەگرنو لەزانایيو نوکتەزانيو وردیو حاضر جوابی و زانستو عیلمی مەولانا خالد کەڵک وەردەگرنو شاد دەبن و سەر سورِ دەمێنن.

مەولانا لە ئەفغانستانەوە دەچێتە هێندوستان.

موسافەرەت و ریبواری مەولانا خالد لە سولەیمانی یەوە تا چونی بۆ هێندوستان ماوەی ساڵێکی خایاندوە، لەرێگادا کاتێ دەگەیشتە هەر گوندو شارێک، دەکۆشا تاچاوی بەزانایان و پیاو ماقوڵانو خواناسان بکەویٚو قسەیان لەگەڵدا بکا، لە هەندێ لە شارەکانی ئێران، بۆ وێنە لەگەڵ زانایان وتو ویژو قسەی عیلميو دینی، دا مەزراندوە. جا دوای ئەوەی زانایان بەرادەی عیلمو زانستو ئاگاداریو تەقوای ئەوزاتە پەیان دەبرد، زۆریان ریز بۆ دائەناو تەنانەت دەکۆشان لە باتی سەردان لە هێندوستان لەئێران لای ئەوان بمێنێتەوە و خەریکی ئیفاضە، بێ.

مەولانا خالید لەوەلامدا پێ دەفەرمون: هێمان بە مەقسەد و مەقسود نەگەیشتوم، شوێن دانانی ئەم سەفەرەم دەرک کردوە و لێم حاڵی بوەو هەنگاوێ، کە لەم ریگایەدا دام ناوە بە ئیختیاری خۆم نیە.

**هۆنە:**

(رشتەای در گردنم افکنده دوست می‌بَرَد هرجا کە خاطرخواە اوست)

مەولانا خالدکاتێ دەگاتە شاری دیهلی و بە (دار الارشاد ـ جیهان ئاباد) دەگاو لە

Dr.Saleh Ebrahimi



شا عەبدوللاّ دەهلەوی نیزیک دەبێتەوە، دو قەسیدەی عەرەبی‌و فارسی دەڵێ‌ کە یەکەم شیعری عەرەبی یەکەی ئەمەیە:

**هۆنە:**

کَمُلَتْ مسافةُ کعبةِ الآمالِ حمْداً لِمَنْ قد مَنَّ بالْاِکمالِ

ئەمەش چەن شیعرێک لە قەسیدە فارسی یەکەی: -

**هۆنە**

دهید از من خبر آن شاه خوبان را به پنهانی
که عالم زنده شد بار دیگر از ابر نیسانی
صف نظّارگان در انتظارش چشم بر راهند
پری رویان همه جمعند و مطرب در غزل خوانی
خرامان و چمان با صد هزاران عشوه و دستان
کند تشریف را یکدم به صحن گلشن ارزانی
گذارَد از کفِ پا لاله را مرهم به داغ دل
نَهَد داغِ غلامی لاله‌رویان را به پیشانی
بَرد آب از لطافت تازه گلهای بهاری را
دهد تاب از خجالت نو نهالانِ گلستانی
کند آکنده از رشک رخش گل را به خون دل
کند شرمنده طاوس چَمَن را در خرامانی
شود روشن به دیدار شریفش دیدهٔ نرگس
رَهَد از پای بوسش سُنبلِ تر از پریشانی

تائەوێ کەیادی مەمدوحەکەی دەکا و دەڵێ:

Dr.Saleh Ebrahimi



هــزاران گــل شکـفته از نسیمِ صبح در یکـدم
چــو دلهــای مــریدان از نگــاهِ قــطب ربــانی
چـــراغِ آفــرینش مــهر بــرج دانش و بــینش
کــلید گــنج حکــمت، مـخزنِ اسـرار سبحانی
مـــهین رهــنمایان شــمع جــمعِ اولیــا دیــن
دلیـــل پــیشوایــان، قــبلۀ اعــیان روحــانی
عــبیدالله شـــاه دهـــلوی، کــز التـفات او
دهــد ســنگ ســیه خــاصیت لعــل بـدخشانی
امـــام اولیـــا ســـیّاحِ بــیدایِ خــدا بــینی
نـــدیمِ کـــبریا، سـبّاحِ دریــای خــدا دانــی
یَــمَن شــد گــوئیا هـندوستان از یُـمنِ انـفاسش
دمـــادم مــیدَهَد زو نــفحۀ انــفاسِ رحــمانی

دوای چەن شیعری تر ئاوادەفەرمێ: -

اگـــر چـــه کـــافرستان است بـــاشد از وجــود او
بــهشت و ایــن ســخن نــبود خــلاف نــصِّ قـرآنـی
مـــرا نــادیده بــاشد بــا ســر کــویش ســر وکــاری
پس از دیـــدن عـــراقـــی را نَــبُد بــا پــیر مــلتانی
بســـی تـــوبیخ کــردند اهــل تــوران و خــراســانم
بـــه دارالکُــفْر رفــتن چــون پســندی گــر مســلمانی
بــه دهــلی ظــلمت وکـفر است گـفتند و بـه دل گـفتم
بــه ظــلمت رو، اگــر در جســتجوی آب حــیوانــی
نشـــد بـــاطل صــحبت ز اولیــای یــثرب و بــطحا
مـــیّسر آنـــچه ازوی شـــد مـــرا نــادیده ارزانــی

Dr.Saleh Ebrahimi



بـه جـان شـوبندەاش ای آنکـه مـی‌خواهـی شـدن آزاد
ز تشـــــــویلات نـــفسانیّ و تـــلبیسات شـــیطانی
لئـــیمی گـفت: مـن نـزدیکم و نشـناسمش، گـفتم
مگـــر نـــقل ابـــوجهل و پـــیمبر را نـمی‌دانـی؟
تـــمنّای قـــبولش دارم و دانـــم کـــه نـــااهـــلم
مـــدد یـــا روح شـــاه نـــقشبندو غـوث گـیلانی
بـخود کـن آشـنا، چـون کـردیم از خـویش بیگانه
عـطای احـمدی فـرما، چـو مـا کـردیم مسـلمانی
زجـامِ فـیضِ خـود کـن «خـالدِ» درمـانده را سیراب
کـه او لب تشـنهٔ تـیه است و تـو دریـای احسـانی

**مەولانا خالد سەر لە بەیانی ٢٦ ی** ذیحەجەی سالّی **١٢٢٤** ی کۆچـی مـانگی دەچێتە خانەقای شا عەبدوللاّ و لە دوا نیوە ڕۆی ئەو ڕۆژەدا پـیری دەستگیری خۆی زیارەت دەکا[(١)]

شا عەبدوللاّ هەر لەسەرەتای دیداردا بۆی دەرئەکەوێ کە مەولانا لە هەر بـارو بابەتێکـەوە ئـامادەو شـیاوە بۆ تـەمەسوك وەرگـرتنو فێـربونو بـارهێـنان بۆ ڕێـبازی نەخشبەندی، جا هەر لە بەر ئەمە زۆر بەڕێزەوە سەرنجی دایـە مـەولاناو بـەخۆشـیەوە پێشوازی لیّ‌کردو مەولانای بە (ذکر و فکر) دابو دەستوری ئەم ڕێبازە، ناسیاوکرد، بە مەولانا دەلّێ هەر وەکو سالیکانی تر لە خانە قادا سەرە رای سەیر و سلوك و بەشداری کردن لەکۆڕی خەتم وئەرك و ئەسپاردەی موریدی، گوشەیەك لەکارەکانی ڕۆژانەی خانەقا بگرێتە ئەستۆ، مەولانا بە دلّی خۆی ئاوهێنان بۆ خانەقا دەگرێتە ئەستۆ و بۆ ماوەی پێنج مانگی ڕەبەق لەکەرە بەیانیا نەوە تا نوێژی شێوان ، خەریکی ئاو هێنان دەبیّ، لەو

(١) بروانە مێژوی سولەیمانی لاپەرەی **٢٢٥** والتعریف بـه مـەساجدی سـولەیمانی لاپـەرەی **٤٨** و مێژوی تەصەوف لەکوردستاندا لاپەرەی **١٠٥**.

Dr.Saleh Ebrahimi



ماوە یەدا هەمو رۆژێک چەندین جار لەکانی یەکەوەکە لە خانەقاش دوربوە، بەسەتڵ و مەشکەوگۆزەو دیزە ئاوی بۆ خانەقا هێناوەو بەو جۆرە ئاوی پێویستی دابین دەکرد.

جا هەرکاتێ لە ئاو هێنان تەواو دەبو، دەچو خەریکی کارو بارو ئەسپاردەی خوا دۆزی خۆی دەبوو لە سوێنگەی ریازەت کێشان و خۆ لەدارو بەرد دانو جێ بە جێ کردنی دابو دەستوری ڕێبازی تەریقەت، دوای پێنج مانگ گەیشتە پلەی حوزورو موشاهەدە. جا دوای ساڵ و نیوێک مانەوە پلەی فەناو بەقای بەتەواوەتی گیرهاتو بە نەردیوانی کەماڵدا سەرکەوتە سەر سەرێ و گەیشتە دوندی خواناسی ئەوسا شاعەبدوللا ئیجازەی تەریقەتو ڕێنوینی لە ڕێبازی نەخشبەندی، قادری کوبرەوی چەشتیەو سوهرەوەردی یەی پیدا(١)

جا بە دەسی خۆی خەلاتێکی دەرویشی دابەسەر شانیدا ئەمەش دەقی ئیجازە نامەکە: ـ

بەناوی خوای بەخشەرو دلۆقانو دڵ لاوێن، دوای سپاسو درود بۆ پێغەمبەر و یارانی ئەو زاتە منی هەژار عەبدوللای نەخشبەندی موجەدید (د ـ خ) رادەگەیێنێ کە سەرەی زانایانی دینو هەڵبژاردەی دا خوازانی ڕێی حەقولیەقین حەزرەتی مەولانا خالید، خوای بەر ز بی پارێزێ ، بۆ بە دەس هێنانی ڕێبازی نەخشبەندی لە **کوردستانەوە،** هاتۆتە لای ئەم هەژارەو رۆژگارێک لە خەڵوەتدا خەریکی زیکرو سەیرو سلوکو بیرکردنەوە لە خواناسی و خوا دۆزی بو، سپاس بۆ خوا بە عنایەتی خوای پاک و بێخەوشو بەیارمەتی ئەنفاسی پاکی پیرانی گەورەی تەریقەت (د ـ خ) بە نەردیوان و پە یژەی تەریقەت و شەریعەتدا سەرکەوتۆتە سەر، سەرێ و بە حوزورو یاد داشت و تەهذیبی لطایفی عالەمی ئەمرو فەناو بەقاو بێ خودی گەیشتوەو نورو تیریژی نهێنی لطایفی عالەمی خەلق و چۆنیەت (کەیفیّات) و حالاتێ کە بەسەر هەیئەتی ویژدانی سالیک لە ڕێگای حەزرەتی موجەدید رەحمەتی خوای لە سەربێ ، فەیض ئەبەن، دڵ و

(١) بروانە کۆواری کۆڕی زانیاری کوردی ج ١ بەغا لاپەرەی ٧٠٢ ساڵی ١٩٧٢ زاینی.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەرونی ئەوانی نورانی کردوەو لە کەماڵی ڕێبازەوە گەیشتۆتە تەکمیل ـ ی ئەوە، جا ئەومان ئیجازەداو کردمانە خەلیفەو جێ نیشی خۆم، بۆ بارهێنانی داخوا زانی حەق و حەقیقەتو بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ بە ڕچەی قادری، چەشتی، کوبرەوی‌و سوهرەوردی‌و نەخشبەندی دا برۆن، رابەر و فێرکاربێ هەر وەکو لەم ڕێبازەدا باوە، دەستی ئەو دەستی منەو ئەوان جێگرو خەلیفەی بە راستی پیرانی دەستگیری منن. رەزای ئەوان رەزای منەو خیلافی ئەوان خیلافی منەو لەسەر زیکرو یادی خواو (تۆجه) و مراقبات‌و ئیتباع‌ی سونەتی سەنیەی ئیجتناب لە بدیعەت رەدی‌یە و صەبرو تابشت هێنان‌و تەوەکول‌و تەسلیم‌و رەزاو کاروئاکاری زانیاری و زانستی‌و تەفسیری قورئان و فەرمودەو پەند دادان بۆ صوفیان‌و پەندی صوفیانەو ئیرشادو ڕێنوێنی داخوازان، بەردەوام و خەریک بێ. (اللهم اجعله للمتقین اماماً، وصلی الله علی سیدنا محمدو علی آله و صحبه و سلم».

حەزرەتی مەولانا خالد دوای ئیجازە وەرگرتن بەرەو کوردەواری گەڕایەوە، خولەفاو مریدان و مەنسوبانی خانەقا، تادەرەوەی شار بۆ ڕێزدانان بەرێ‌یان کردو شاعە بدوللاش تا دەرەوەی خانەقا بەرێ کردو دەستی لە ئەستۆێ مەولانا کردو دوعای سەر کەوتنی لە دین‌و دنیا بۆ کرد.

حەزرەتی مەولانا خالید شارە زوری لەگەڕانەوەدا لە بەندەری مەسقەت‌وە، بۆ شیراز و هەمدان و لە ساڵێ ١٢٢٦ ی کۆچی مانگی دەگاتە شاری زانست‌و زانا پەروەری سنەو لە حوجرەی مزگەوتی قەلعەبیگی لائەدا و لەوێ کۆڕێ زۆر لە زانایان و هۆزانفان بۆ وێنە عەللامەی ناو دار شێخ محەمەد قەسیم لە مەولانا خالید دەئالێن‌و دەچنە سەر ڕێبازی نەخشی[(١)]

مەولانا دوای چەن رۆژ لە سنەوە بەرەو شارە زور دەگەوێتەوە و لە ڕێگاو لە شارۆلکەی سەرگیت‌و ماڵی محەمەد خانی برای لائەداو چەن رۆژ لەوێ دەمێنێتەوە و هەر لە ساڵی ١٢٢٦ کۆچی و ڕێکەوتی ١٨١١ زاینی دەچێتەوە شاری سولەیمانی و

---

(١) بڕوانە مێژوی سولەیمانی لاپەرەی ٢٢٦).

Dr.Saleh Ebrahimi



پاش ماوه یەک دەچێتە زیارەتی گڵکۆی حەزرەتی شێخ سەیید عەبدولقادری گەیلانی غەوسی (ئەعظەم بازاللە)، لەبەغا (قدس الله تعالی سرّه العزیز) مەولانا خالید رو دەکاتە هەر شارو ئاوایەک خەڵک بۆ زیارەتو دیداری ئەو زاتە پاکە هـوروژمیان دەبـردو بەدڵو داو ئافەرین و بەخێر هاتنیان عەزر دەکرد.

وەکو مێژو دەنوسێ: حەزرەتی مەولانا خالد بۆ ماوەی پێنج مانگ لە تەکیەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی (غەوسی ئەعظەم» دەمێنێتەوە و خەریکی ریازەتو عیبادەت کردن بۆ خوا ئەبێ‌و لە رۆحی پاکی ئەوزاتە پاکە یارمەتی لە خوا ئەخوازێ‌و خۆی لەو رێگایەوە زیاتر بە خوا نێزیک دەکاتە وە، ئەوسا تەشریفی موبارەکی گەرایەوە بۆ سولەیمانی و کۆرێکی بۆ ناساندنی رێبازی نەخشبەندی‌و ئیرشادو تۆبەدا دانی خەڵک پێک هێنا.

بەرە بەرە کۆرێ زۆر لە هەمو چینەکانی خەڵک لە مەولانا خالد ئـالآو بـو نـە مەنسوب و مریدی و ناو بانگی مەولانا ئەو ناوە نـاوەی پرو تـەژی کـرد بـو، هـەندێ مەشایخی قادری کە سەرکەوتنی مەولانا خالدیان بە تێ شکانی خۆیان دەزانی دەسیان کرد بە چاو و را داخستن و بە دژی حەزرەتی مەولانا لەبەرحەسودی و دەس تێ وەردانی دوژمنانی کوردو کوردستان دەسیان کردبە ئاژاوە نانەوەو ئازار دانی مـەولانا، بۆ وێـنە دژایەتی کردنی عەللامە شێخ مارفی نۆدێی و هەروا دژایەتی کردنی زاناو هۆزانی گەورە مەلا محەمەد باڵەکی (١)

ـ تەنانەت نۆدێی لە مەنزومە یەکدا دەڵێ:

وضـــعته هــدية الطــلابی تکـــــــفرة لخـــالد الکـــذاب.

حەزرەتی مەولانا بۆ ئەوەی ئاو بە ئاژاوەدا بکاو قرەقرِ نەمێنێ لە ساڵی ١٢٢٨ ی گۆچیدا لە سولەیمانی یەوە چوە شاری بەغا و لە فێرگەی ئـیحسائیە کـە لە دوایـیدا بـە

(١) تاریخی علم الفلک فی‌العـراق نـوسراوی عـەبباس عـەزاوی بـەغدا ١٩٥٨ ز پـەرەی ٢٦٧ تـا ٢٧٦٦ ـ بروانە تەصەوف لە کوردستاندا لاپەرەی ١٠٦.

Dr.Saleh Ebrahimi



تەکیەی خالدیە ناودار بو دەسی کرد بە دەرس و تنەوەو ئیرشادکردن و توانی کۆڕێ زۆر لەهەموچینەکانی خەڵك بۆلای خۆی رابکێشێ، بەیانیان فەقێو مەلایێ زۆر، لەکۆڕێ دەرس وتنەوەی قەڵبەزەی زانستو عیلمی ئەو هۆزانەگەورە پاكو زاناو ئاکار چاکە، کەلکیان وەر دەگرتو زانستو زانیاری و خوو ئاکاری چاكو خودایی لێ فێر دەبون و ئوگری فێرگەی حەزرەتی مەولانا دەبون و ئیوارانیش ئەو یندارانی سەیرو سلوك لە سەر چاوەی بەریژەوی فەیضی بنیشو مە عریفەتو خوا نـاسی ئـەو زاتـە پـاکـە کـەڵكو بەرەکەتی یان وەر دەگرتو لە فێرانکۆی مەولانا خالد زانستو خواناسیو دڵ و درون پاکی و چاکی و چاکەکردن و برایەتی و یەکیەتی و یەك دڵو یەكگیانی فێر دەبون، تا ئەو رادەیەکە کۆڕێ لە زاناگەورەکانی بەغا بونە مریدو مەنسوبی حەزرەتی مەولانا.

بەڵام ئەوانەی بە خێڵیان بەپلەی دینو دینای مـەولانا ئـەبردگڕی حـەسادەت درونیانی تاو ئەدا، دەسیان لە دژایەتی کردنی مەولانا هەڵ نەدەگرت بۆ وێنە، عەللامەی زانا شێخ مارفی بەرزنجی نۆدێی بە قسەو دنەدانی شەیتان و شۆفاز و دوژمنانی کورد و کوردستان بۆکز کردنی مـەولانا خـالد پـەراوێك لەز مەو سـوك کـردنی مـەولانادا دەنوسێو بلاوی دەکاتەوە، بەم ناوە (تحریرالْخِطاب فـیالردِّ عـلی الخـالد الکـذاب و نوسخەیەکی لە ساڵی ۱۲۲۸ کۆچی و ڕیکەوتی ۱۸۱۳ زاینی دەنێرێتە لای سـەعید پاشای والی بەغداو لەو پەراوەدا مەولانا خالد بەکافر بون تاوانبار دەکرێ، سەعید پاشا مریدی مەولانا بووە و زۆری مەولانا خالد خۆش ویستوەو پەراوەکـەی نۆدێـی فڕێ ئەداو لەوە لامیدا دەنوسێ: (ئەگەر مەولانا خالد مسوڵمان نەبێ ئەی کێ مسوڵمانە؟) و ڕادەسپیرێ کە زانای زۆرگەوەرو ناودار عەللامە، مەولانا مـەلا یـەحیا مـزوری کـە لە ۱۲۵۲ ی کۆچی مانگی وەفاتی کردوە، لە بابەت مەولانا خالدەوە بکۆلێتە وەو مەولانا مەلا یەحیا دوای لێکۆڵینەوە دەفەرمێ:

(مەولانا خالد لە هەموکار و خوو کردارو ئاکـار و ڕەفـتاردا تـابیعی شـەرعی

Dr.Saleh Ebrahimi



حەنیفی ئیسلامەو لەسەر ڕێبازی قادریشە[(١)]

یەکێ لە زانایانی گەورەی ئەو ڕۆژگارە بە ناوی شێخ محەمەد ئەمین عابدین موفتی شام کتێبێکی لە ڕەدی شێخ مارفی نۆدێی و ناساندنی کەسایەتی و گەورەیی و زانایی و پلەو پایەی مەعنەوی مەولانا خالد نوسیوە: بە ناوی (سَلُّ الْحسامِ الْهندِي لِنُصْرةِ حَضَرةِ مولانا الشيخ خالد النَقْشبَندِي) کە کوڕی زۆر لە زانایانی ئەو ڕۆژگارە لە بەغداو شامو سولەیمانی ئافەرین یان لە سەر نوسیوە.

سەعید پاشا والی بەغدا زۆر بە دڵسوزانە پشتیوانی لە مەولانا خالد کرد و دەستوری دا کە کوڕێ لە زانایانی بەغدا وەلامی ڕەدی تۆمەتەکانی شێخ مارفی نۆدێی بدەنەوە، عەللامە شێخ محەمەد ئەمین کوڕی محەمەد صالح طە بەقچەلی ١١٧٤ - ١٢٣٢ موفتی حِلە، ئەم کارەی گرتە ئەستۆو پەراوێکی بە ناوی ئەلقەول الصەواب لە ڕەدی ماسومیَ یە، بِهِ تەحريرُ الْخِطاب لەڕەد و نەقضی ئیتهاماتی شێخ مارفی نۆدێی نوسیو کەوتە بەردڵو چاوی زانایانی بەغداو شامو ئافەرین یان لە سەر داناوەو هەروا کوڕێ لە زانایانی دیکەش ڕەدیان لەسەر قسەکانی نۆدێی نوسیوەو لەبابەت ژیریو پاکی و چاکی و زانایی و خوو ئاکار جوانی مەولانا خالد، ئەو پەری زمان پاراوی یان داوە.[(٢)]

## مەولانا خالدو مەحمود پاشای بابان

لەسەر دەمی دەسەڵاتی داود پاشا والی بە غدا، مەحمود پاشا بابان چوە بەغداو تکای لە حەزرەتی مەولانا خالد کرد کە بگەڕێتەوە سولەیمانی، مەولانا خالد تکاکەی

(١) کۆواری کۆڕی زانیاری کوردی لاپەرەی ٧١٠ - ٧١١.

(٢) کوواری کۆڕی زانیاری کوردی ساڵی ١٩٧٣ زاینی ژمارە /١ لاپەرەی ٧١١ و ئەنواری قودسیە لاپەرەی ٢٣٢ - ماموّستا مەلاکەریم مودەریس ئیمام شافعی ڕوژگار، لای وایە ئەمگەڕانەوە لە ١٢٣١ یا ١٢٣٢ بووە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەوی قەبول کردو لە ساڵی ١٣٣٠ کۆچی گەرایەوە بۆ سولەیمانی نیشتمانی خۆی‌و مەحمود پاشا حاکمی سولەیمانی مزگەوت‌و خانە قاو بارەگای لە سولەیمانی بۆ مەولانا خالد دروست کردو خەرج‌و مەخاریجی مریدو مەنسوب و میواکانیشی بۆ گرتە ئەستۆ، حەزرەتی مەولاناش دەسی کرد بە ئیرشادکردن لە سولەیمانی، خەڵک دەستە دەستە لە کوردستانی تورکیاو ئێران‌و عێراق ڕویان دەکردە خانەقای مەولانا خالدو زۆر بە کوڵی دڵ تۆبەیان لە سەر دەستی دەکرد.

زانای گەورە شێخ مارفی نۆدێی و کۆڕێ دیکە لەنەیارانی مەولانا خالد لە ئاخریدا پەیان بە هەڵەی خۆیان برد، دەسیان کرد بە عوزرهێنانەوە و لەو بابەتەوە نامەیان بۆ مەولانا خالد نوسی، مەولاناش زۆر بە دلاوایی و دڵ لاوینی یەوە وەلامی بۆ نوسیونەتەوە کە هەر کەس بیان خوێنێتەوە بە گەورەیی‌و فەزیلەتی خوو ئەخلاق و زانست‌و زانیاری ولێ بردویی مەولانا خالد پەی دەبا، جوان بۆیی دەر دەکەوێ کەچ مرۆڤێکی گەورەو گران بوە.

عەلامە نودیێ کە زانی دوژمنان راستیان لەو لەبارەی مەولانا خالد ـ ەوە لێ‌ون کردبو، پەشیمان بۆوە و بۆ ئاشت بونەوە لەگەڵ مەولانا خالد (مەلا حسێن قازی ناودار بەکوری مەلا جامی و سەیید سمایل بەرزنجی نارده خزمەت مەولانا بۆئاشت بونەوە، ئەمیش لە پشنیارە کە پێشوازی کردو لە نامەیەکداکە بۆ شێخ مارفی نوسی، رای گەیاند: من العبد المسكين و الفقير المستكين، الى سيدى السيد معروف سامحه‌الله بفضله ... ثم الامر بارسال المكتوب، امتثلناه و هو احسن مطلوب، و نريد جوابه على ابلغ اسلوب، و اماالابراء فهو يصدر منى ليلاً و نهاراً و افصحت به فى‌المحافل جهارا، كما قرع سمعكم مرارا، و اما حب‌الالتيام و ترک‌الخلاف فامريشتاق‌اليه اهل الانصاف، فكيف بمن يدعىّ له قدم فى طريق التصوف و لو بالجزاف

ولا يخفى عليكم ان‌السبب الاصلى لهذه الوحشة انما هو ترک التردد و تقليد اقاويل الناس فان صح ما بلغنى عنكم فعليكم بالاعراض عن الكلمات المؤدية الى الشک و الوسواس، فان احوال اهل الفقر و راءالعقل و العلم لايدرک بالقياس و التى يضمن لک

Dr.Saleh Ebrahimi



هذا المسکین ـ ان ثبت قدمک، و ما طغی قلمک بعد الیوم ـ ان تری نتائج لا یحمل اکثر السفیر، و تزید علی حوصله التقریر و التحریر. ـ و من بعد هذا ما تدق صفاته و ماکتمه احظی لدی و اجمل. والسلام علیکم و رحمةالله و برکاته[1]. یانی نامەیەکە لە بەندەی مسکێن و بێنەوای بەنیاز بۆ خـاوەن فـەزل و ئـەدەب و خێـوی حـەسەب و نـەسەب سەروەری ئێمە جەنابی سەیید مـارف، بـە ویسـتنی بـەخشینی ئـەو لە خـوای دلآوا ... سەبارەت بە نوسینی نامە فەرموبوت، ئەمە باشترین پشنیارە، دەکۆشم کە ئەوە بە چاکترین شیوە بنوسم. ئەوەش کە لەمنت ویستبو ئازادت بکەم، لامەوایە بۆئەوە دەبێ ببیسی کـە لەهەر دەم و لەهەر شوێنێکدا بە ئاشکرا تۆم بە خشیوە و ئازادت دەکەم.

لە بابەت ئاشتی و سازدانی دۆستی، ئەمە کارێکە،کـە هـەر خـاوەن ئـینسافێک ئۆگری پێیەتی، چ ئەوەی خۆی هەرچەند بەد رۆش بێ بە سوفی و خواناس بزانیێ، دیارە دەشزانی کە هۆی بنەرەتی ئەم لێک دابرانە مان،گوێ دانە، بە قسەی ئەم و ئەو.

تکایە ئەگەر قسەی تێکەلاو بە دودلی و تەژی لەوەسوەسەیێ کە سەبارەت بەمن دەرت بڕیوە راستبێ. لە بەر دەوام بون لە سەر ئەوە خۆت رابگرە، چـونکا رەفـتاری ئەهلی فەقر لەولای ئەقل و زانستە و بەقیاس و بەراورد، دەرک ناکرێ.

بەم بۆچونە ئەگەر لە سەر بەلێنی خۆت سوربی، دوابە دوای ئەمە، بەر لە قەلەمت بگری، نەتیژەیێ لەوە دەگری کە هەلگرتنی ئەوە لە عوّدەی نـامە بـەر، بـەدەرە، زمـان لەوتنیو قەلەم لە نوسینی بێوزەیە، شتانێ دیکەش هەن کەوتنیان وردبونەوەی زیاتری دەوێ، دیارە شتانێکیش هەن نەوتنیان باشترە. سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خوالە سەر تۆبێ.

لام وایە جەنابی دوکتور خەلیقی ماموّستای پێشوی فەلسەفەی زانکۆی تەورێـز رۆژێک هەروەکو عەللامە نۆدیێ لە قسەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، چونکابێ بەلگە لە بارەی مەولانا خالدە وە، قسەی کردوە.

---

(١) شیخ معروف النودهی البرزنجی پەرەی ٥٣.

Dr.Saleh Ebrahimi



کلو دیوس جیمس ریچ CLAUDIUS JAMES RICH نوێنەری کومپانی هێندی شەرقی لە سەفەر نامەکەی خویدا کە چوّتە کوردستانی عێراق دەنوسیّ خەڵک مەولانا خالدیان لە شێخ عەبدولقادر گەیلانی لاگەورەتر بوو زیاتر لە دوانزە هەزار مەریدی هەیەو پاشا لە خزمەت مەولانا خالد بە پێوە دەسەو نەزەر رادەوەستاو ئاوی قەلیاناوی ئەوی دەگوّرێ(١) خەڵک بە حەزرەتی مەولانا، ناویان دەبرد و قسەی ئەویان وەکو قسەی پێغەمبەر لاگەورەو مدفەرك بووە، وەك پێغەر رێزی بوّ دادەنرێ و سەرکردەکوردەکان هەمو مریدی ئەون، مەحمود پاشا لەگەڵ عەبدوللاّ پاشای مامیو عوسمانو سولەیمانی برای چونە لای شیخ خالد (عەبدوللاّ) پاشاو عوسمان و سولەیمان هەر سێکیان سوّیندیان بە قورئان خوارد، ئەگەر لە تورکیا یا لەئێرانەوە نامەیان بوّ هات لە خزمەت مەولاناخالد هەڵیپچرن، هەر ئەوە خوّی ترسی نا سەر دڵی تورکان و رەژێمی ئێرانو جا ئەوەبو، دەسیان لەمەولانا وەشاند.

کلود یوس جێمس ریچ دەنوسیّ بەلاّم ئەمروّ هەر ئەو کوردانە مەولانا خالد بە کافرو زیندیق ناو دەبەنو قسەی جوّر بە جوّری لە بابەت کوفرو لە دین وەرگەرانەوە دەنێنە پارسەنگی، ئەوەی بوّتە هوی هاتنە خوارەوەی پلەو خوّشەویستی شێخ مردنی منالّی پاشا بابان بو، چو نکا، ئەو و تبوی کە مندالّی پاشا لە نەخوّشی چا دەکەمەوەو بەڵێنی شفای ئەوی دابو، لەم ناوەدا قسەی دیکەش هەبو، دەیان وت: لە نێوان پاشاو براکانیدا دژایەتی ساز کردوە، هەندێ تر لایان وابو کە شێخ دەی ویست دینێ تازە بێنێ، ئەو دەی ویست ناوی لە دنیادا بەرزبکاتەوەو سەروەری دنیا بەدەسەوە بگرێ، قسەی زوّر لەوە زل تریان لە بابەت مەولاناوە دەوت کە بوّ قەبولّکردن نابێ.

---

(١) ریچ لە عراقدا سالّی ١٨٢٠ کلو دیوس جیمس ریچ تەرجەمەی بەها ئەدین نوری سالّی ١٩٥٧ ز لاپەرەی ٣٢٦ و پەرەی ١٥٧ ریچ تەرجەمەی محەمەد حەمەباقی چاپی ئێران ١٩٩٢ ز - کورد، عەرەب، تورك نوسراوی سیسیل، جی.ئید موّندز. پەرەی ١۴ / تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی چاپی یەکەم تاران روزبەهان ١٣٦٧.

Dr.Saleh Ebrahimi



## داود پاشا و مەولانا خالد

بەلاّم داود پاشا زۆری بروا بە وەرع و زوهدو چاکی و پیاو چاکی مەولانا هەبو، جاکاتێ، کەوتە بەر درِ دوّنگی خاوەن پلەو پایەکانی حوکومەتی رِەشی عوسمانی، زۆر توندو پیاوانە پشتیوانی لە مەولاناکرد، هوّی ئەو بەدگومانی یە لەبەر ئەوە بوکە حوکومەتی عوسمانی، تێ گەیبو کە رچەو رێبازی نەخشی (نەقشبەندی) زۆر بەتاو لە ناوسنورو کەوشەنی ئیمپەراتوری تورکی عوسمانی، بلاّو دەبێتەوە و خەلّک بەدل ئوگری مەولانا خالد بون و لە پەرەگرتنی ئەورێبازە مەترسی نیشتە سەر دلّی رِەشیان و لە یەک گرتن و یەک کەوتنی پەیرەوانی مەولانا ورِاپەرینی خەلّک بو ئازادی کوردەواری ئەترسان، بەلاّم داود پاشا بەروالّەت پشتیوانی مەولانا بو.

ئەبێ ئەمەش بزانین کە لێکوّلەری ناودار عەباس عەزاوی دەنوسێ: سەر ئەنجام لە دەس زولّم و زوّر ویژی داود پاشا لە خەلّکی کوردستان و سولەیمانی مەولانا خالد ناچار بو لە سالّی ١٢٣٦ ی کوّچی مانگی ٢٥/١٠/١٨٢٠ ی زاینی بوّ جاری سێوەم لە سولەیمانی یەوە برِواتەوە بەغا[(١)]

## مەلانا و زانایان

حەزرەتی مەولانا خالد دوای دامەزران لە تەکیەی (خالِدّیە) کە بوّ ئەو ساز درا بو، کەوتە بەر رێزدانانی والی بەغا، وەزانایان و بیرەوەران لە دەوری مەولانا خربونەوە کە لە زانست و خواناسی ئەوزاتە کەلّک وەربگرن، ئەلّێن: مەحمود پاشای بابان چەندین جار تکاکاری ناردە لای مەولاناکە بگەرِێتەوە بوّ سولەیمانی بەلاّم مەولانا نەگەرا یەوە بوّ سولەیمانی، بەلاّم یەکێک لە خەلّیفەکانی خوّی کە ناوی (شێخ عەبدوللاّ ـ ی هیرەوی) بو لە خانەقای سولەیمانی لە جێگای خوّی دانینا.

(١) کوّواری کوّرِێ زانیاری کوردی ج ١ لاپەرەی ٧٠٣.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەڵێن: ئەم جارە سێ مانگ لە بەغا مایەوەو لەو ماوەدا کۆڕێ لە خەلیفەکانی خۆی بۆ ئیرشاد ئەنێرێتە شارو گوندەکانی ئەم لاو ئەولا، بۆ وێنە شێخ ئەحمەد هەولێری کە زانایەکی قسەزانو قسەرەوان و ئەدیبو هونەرو عارفو خواناسێکی گەورەو زەبەر دەستبو، ناردی یە، دیمەشق تا خەریکی ئیرشادو ڕێنوێنی خەڵک بکا بۆسەر ڕێبازی ڕچەی نەخشبەندی.

شێخ ئەحمەد هەولێری لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کۆڕێ زۆری هێنایە سەر ڕێبازو فێرگەی حەزرتی مەولانا خالد (قدس سِرّهُ) ـ لەو شارەو دەوروبەری ئەوشارە سۆزو ئەوینێوا ساز بو کە خەڵک تکایان لە حەزرەتی مەولاناکرد تەشریفی بچێتە شامو شێخ ئەحمەدیش نامەیەکی زۆر جوانو ڕازاوەی لەو بابەتەوە بۆ پیری دەستگیر حەزرەتی مەولانا نوسیو تکای لێ کرد کە بێتە دیمەشق و شام تا هەمو خەڵک لە نێزیکەوە بە زیارەتی مەولانا بگەن.

## چونی مەولانا بۆشام

حەزرەتی مەولانا سەر ئەنجام لە ساڵی ١٢٣٨ ی کۆچی وبەرانبەری ١٨٢٣ زاینی لەگەڵ کۆڕێ زۆر لە زانایانو عورەفاو خواناسانو ئەویندارانی خۆیدا هەر لە کوستان: هەواری قەڵاخانی و حەوش بارانی هەو رامانەوە چووە شام،کاتێ[1] هەواڵی چونی مەولانا بۆ دیمەشق بڵاو بوەوە[2] خەڵک بە سۆز و ئەوینەوە تا چەن کیلومیتری دەرەوەی شار بەرەو پیری حەزرەتی مەولانا چونو حەزرەتی مەولانایان زۆر بەحورمەتو ڕێزەوە هێنایە شاری خۆیان، وێژاوەرانو شاعیرانو هونەرانی زاناو

(١) کاتێ مەولانا خالد، لە هەوار دەبێ لە هەوارمان، نامەو داخوازی لە خەڵکی شامەوە بۆ دێو لە سەر دەعوەتی ئەوان بریاری چون بۆ شام ئەدا.

(٢) هەندێ لایان وایە لە ١٢٤٢ ی مانگیو ١٨٢٦ ز ـ مەولانا تەشریفی چوتە دیمەشق ـ بروانە کتێبی ڕوحی مەولانا خالد پەرەی ٢٢ چاپی ٩٨٧ ز

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوداری دیمەشق‌و زانایانێکی وەکو شێخ شاهین عەتار و شێخ محەمەد خانی و شێخ محەمەد جوملەی خەلوەتی دیمەشقی‌و زانایان و شاعیرانی دیکەیش قەسیدەگەلێکی زۆر پڕو غەرِایان بە ناوی بەخێرهاتن‌و پیرۆز بایی و تنەوە عەزری مەولانایان کرد، وا لێرەدا بۆ نمونە چەن هۆنەیەک لە سەرەتای قەسیدەی شێخ محەمەد جوملە، دەگێڕینەوە:

**هۆنە:**

اضْـحَتْ دِمَشْـقُ بِـبَهْجةٍ و مَسرةٍ وَالنُـورُ وَالاشْـراقُ مِـنْها صـاعدْ
وَاْلـطيرُ غـنّى والغـصُونُ رَواقـصُ تَـهْتَز مـنْ طَـرَبٍ وَ هُـنّ مَـوائِـد
وَالوقَتُ طـابَ وَهَـيْمَنَتْ اَهْـلُ الصـفا وَاَلزهْـرُ يَـحْدَقُ وَالعَـنا مُـتباعِدُ

مُـذْ حَـل بِـالشامِ الشـريفَةِ سَـيد و عَـليهِ مِـنْ حَـلْيِ اَلكَـمالِ فَـوائِـدُ

فَسَـاْلْتُ عَـنْهُ بَـيْنَ ارْبـابِ اَلهُـدى قـالْوا: «ضـياءالدّيـن هـذا خـالِدُ»
وَ هْـوالْـمُجَدِّدُ بَـلْ هُـوَالدّاعـى اِلى سـبُلِ الرّشـادِ فَـنْعمَ ذاکَ اَلمـاجِدُ
فَـلَقيتُهُ فَـوَجَدْتُهُ کـاَلليثِ فـى سَـطَواتِـهِ وَ هُـوَالامِـامُ اَلواحِـدُ

## مەولانا لە دیمەشق دا

حەزرەتی مەولانا خالدلە دیمەشق مایەوەو دەسی کرد بە فێرکردنی زانست‌و زانین‌و نیشان دانی رێبازی خواناسی‌و ئیرشادی خەڵک، بۆ چونە سەر رێبازو سەر تەریقەتی نەخشی‌و فێرکردنی داب‌و دەستوری ئەو رێبازە، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ زانایان‌و خوا ناسانی ئەوێ خەریکی لێکۆڵینەوە وپیا چونەوەی مەبەستی زانستی‌و مەبەستی دینی بو.

لە دیمەشقەوە، چووە قودس‌و دوای زیارەتی شوێنە پاکەکانی ئەوێ بەرەو

Dr.Saleh Ebrahimi



دیمەشق گەڕایەوەو لە ساڵی ١٢٤١ کۆچی بۆ جاری دوەم چوە حیجاز، زانایان و گەورە پیاوانی حەرەمەین کە ئاوازەی زانایی و بلیمەتی و بەرزی و بڵیندی پلەی عیرفان و خواناسی و فەزل و کەماڵ و تێگەیشتویی و پێگەیشتویی مەولانا خالدیان بیستبو و زۆر بە ئەوینەوە چاوەڕوانی دیداری ئەو زاتەیان دەکرد، چونە زیارەتی و کۆڕێکی زۆر لە سەر دەستیدا تۆبەیان کردو تەموسوکیان وەرگرت، ساڵێک دوای ئەم بروارە، مەولانا خالد وەصیەت نامەی خۆی نوسی و کتێب خانەو پەرلانەی خۆی وەقفی زانایانی ئەوێ کرد، جا زانای لە خوا ترس و بەتەقوا شێخ سمایلی ئەنارانی بۆ ڕێنوێنی مسوڵمانان، کردە جێ نشینی خۆی، بە ئیشارەو ئاماژەگەیشتنی مەرگی خۆی ڕاگەیاندو وەصیەتی فەرموکە تەنیا ئەم ڕستە: ـ «هذاقبر الغَريبِ خالد» ـ لە سەر سەنگی مەزارم بنوسن.

زۆری پێ ناچێ نەخۆشی تاعون: (زگچون) لە دیمەشقدا پەیا دەبێ، خەڵکی زۆر توشی ئەو نەخۆشییە دەبن و پێی دەمرن و دوکوڕی حەزرەتی مەولاناش هەر بەو نەخۆشیيە دەمرن.

### وەفاتی مەولانا خالد:

حەزرەتی مەولاناش لە شەوی ١٢ زیقەعیدە توشی نەخۆشی تاعون دەبێ و لەڕۆژی هەینی ١٤ ی ئەو مانگە لە ساڵی ١٢٤٢ ی کۆچی مانگی و ڕێکەوتی ١٨٢٦ زاینی هەر بەو نەخۆشییە دوای دو ڕۆژ نەخۆشی وەفات دەکا ولە صالحیە: (حَـيُّ الْأَكْرادِ)ی دیمەشق لەشی پاکی ئەو زاتە پاکە دەنێژن، واژەی: (مغرب) بە حیسابی ئەبجەد مادە تاریخی وەفاتی ئەوزاتە پاکەیە و بارەگاکەی ئێستاش جێگای ڕازو نیازی ئەویندارو نەزەگەیەکی پیرۆزە و بۆنیازانی دەچنە سەرێ و زیارەتی دەکەن و لە بەر خوا دەپاڕێنەوەو ڕۆحی پاکی مەولانا خالد دەکەنە تکاکار و هۆی نێزیک بونەوە لە خواو جێ بە جێ کردنی ڕازو نهێنی دڵ و دەرونیان. بەڵام خوالێخوشبو ئوستاد ئەمین زەکی نوسیویەتی: (حەزەتی مەولانا خالد لە ٢٨ شەوالی ساڵی ١٢٤٦ ی مانگی بەرەو لای خوا باری

Dr.Saleh Ebrahimi



کردوە[1]

گۆیا لە نێوان نوێژی شێوانو خەوتنانداگیانی حەزرەتی مەولانا بەرەو لای مەلەکوتی ئەعلا باڵ دەگرێ و بۆبەیانی ئەوشەوە، بە بەشدار بونی کۆڕێ زۆر لە خەلکی دیمەشق چەنازەکەی بە خاک دەسپێرن (قدّس‌الله تَعالی اسرارهُ العلیه). جا ئەوەیە لە بابەت ئەم زاتە پاکەوە دەبێ بلێین:

خوشا، آنان کە با عزّت زگیتی بساط خویش برچیدند و رفتند
خوشا آنان کە براین صحنۀ خاک چو خورشیدی درخشیدند و رفتند

بە راستی مەولانا خالد خاوەن شان و شکۆو بەعێزەتەوە، وەک رۆژ دنیای ئیسلام و عیرفانو کوردواری نورانیو روناک کردو پیاوانەو مروّیانە بەرەو لای خوا بارگەی تیکناوە، بەڵی ئازیزان، بەرێزان دنیا وایە:

زمین گرگشادە کند راز نماید سرانجام و آغاز
کنارش پر از تاجداران بود بَرَش پر ز خون سواران بود
پر از مرد دانا بود دامنش پر از ماه رخ چاکِ پیراهنش

**سیفەتە جوانەکانی مەولانا خالد:**

مەولانا خالد زاتێک بووە پڕ بەرەکەت، دارای هەمو خوو ئاکارێکی پەسەندو جوانو خودایی، قەد بلێندو ئەندام رێک، روخۆش، خۆش خو، جوامێر، دەهندەو دلاوا، ساداتی زۆر خۆش ویستوەو رێزێ زۆری بۆ مەلاوفەقێیان داناوە، جلکی خاوێنی لە بەر دەکردو پاکو خاوێنو دڵو درون چاکو بێگزیو فزیبو، راستو دڵ بژوێنو ئازاو نیشتمان ویستو خۆ بەکەم زانو زاناو وردو لێکۆلەربو، حەزی لە پاک و خاوێنیو بیهداشت دەکرد، کلاوی فێسی لە سەر دە ناو عەصای بەدەسەوە دەگرت.

(١) مَشاهِر الْكُرْدْ وَ الْكوردستان ج ١ لاپەڕەی ١٩٢.

Dr.Saleh Ebrahimi



زانای گەورەی ناو دار ئەبو سەنا مەحمود ـ ی ئالوَسی زادە، خاوەنی تەفسیری رُوحَ المَعانِی لە یەکیَ لە کتیبَەکانیدا بە ناوی (اَلفَیْضُ الْوارد عَلیَ رَوْضَةِ مەولانا خالد لە بابەت حەزرەتی مەولاناوە نوسیویەتی: ئەم مانگی چاردە پرِگرشەگرشەو ئەم زانا بەوزەیە، شەوەزەنگی نەزانی وجەهلی بە زانستی خوَی روناك کردوَتەوەو ژەنگی نەزانی بەزانیاری خوَی سرِیوەتەوەو پەردەی رەشی بە نوری عیلمی خوَی لاداوە، زوَر واتای رِەقی نەرم کردوەو واتای قسەی کورتی دەرخستوەو شوبهەی لە سەر لابردوەو زوَر مەسەلەی لە هیَلەك داوەو خەوشی گر توەو زوَر مەبەستی وردو ردی بەیان کردوە کە زوَر خوَش و لەزار سوك و شیرن و بەتام و ناسك و پتەو و واتا خوَشن.

«اِنَ هذا البَدْرَ المنیر، وَالعالِمَ النَحریر، ازالَ ظُلْمَةَ الشّكَ بِاسْره» و مَحَا غَیاهِبَهُ بِانْوارِ سَره، فَکَمْ مِنْ مُشکْلِ حَلَهُ، وَ مُجْمَلِ فَصّلَهُ، وَ شُبَهةٍ اذهَبَها وَ مَباحِثَ هَذّبَها وَ مَسائِل حَررَّها، وَ مطالبَ قَرَّرَها مع عذُوبَةِ بیانٍ وَحَلاوَةِ تِبْیانٍ وَلَطافَةِ مَعانٍ و رَصَافَةِ مَبانٍ ....» (١)

هەر ئەم نوسەرە پایە بەرزو زانایە لە نوسراوەیەکی دیکەی خوَیدا بە ناوی (غرائب اْلاقِتِراب) لە زیمەنی قسەکردن لە بابەت ماموَستاکانی خوَی سەبارەت بە مەولانا خالد دەنوسیَ:

«وَقَراتُ مَسْالَةَ الصَفاتِ مِنْ کِتابِ خیالی، عَلي حضْرةِ مَنْ لایَصِلُ اِلی حَقیقَةِ فَضائِلِهِ خیالی، مولانا ضیاءالدّین الشیخ خالِد النّقشبندی؛ وَ هُوَ صاحِبُ الاحوالِ الباهَرة، وَالکراماتِ الظاهِرة، والانفاس الطاهره، الذی تَواتَرَ حدَیثُ جَلالَتِهِ، وَ اَجْمعَ الْمُنصِفُونِ عَلی ولایَتِهِ، وَ عَمَّتْ برکاته الحاضِر وَالبادِی، و انتشرصیتهُ فی کل وادٍ و نادٍ، اِمْتَدّتْ فیالمقَاماتِ وَالاحْوالِ باعُهُ، وَ عَمُرتْ بِالفضلِ وَالافْصالِ رِباعُهُ، کانَ حَریصاً عَلی سلوكِ طریق اهل السُّنْةِ وَالجَماعَةِ، لایَصرفُ مِنْ اوْقاتِهِ ساعَة، فی غَیْرحَل دقیقَةِ عِلْمِ اَوْطاعَة،

(١) غیاهب: جەمی غیهب ـ ە و بە واتای تاریکییە، صافه: پتەوی، نەزمو تەرتیب.

Dr.Saleh Ebrahimi



حَسَنَ السَّمْتِ وَالسِّيرة، نَيرالقَلْبِ واَلسّريرةِ، اِنْ تَوجَّه اِلى قَلبِ مرُيدٍ مَلاَهُ نُوراً، اَوْرَبَطَ عَلى اكْرامِ مُعْدمٍ اَفْعَمَ واديه بايدى اَياديهِ مَسْرُوراً...»(١)

## شین‌گێڕانی زانایان و شاعیران بۆ مەولانا خالد

زانایانو هۆزانقانان بۆ مردنی حەزرتی مەولانا خالد شـارەروزی، نـەخشبەندی زۆریان هونراوە لە شینی ئەوزاتەدا هوندۆتەوە بۆوێنە سەرنج بدەنە ئـەم قـەصیدە، کـە عەللامەی ناودار شێخ محەمەد ئەمین عابدین موفتی، بۆ شینی حەزرەتی مەولانا خـالد دایناوەکە سەرەتاکەی بە مجۆرەیە:

| | |
|---|---|
| ایُّ رُکْـنٍ مِـنَ الشَّـریَعةِ مـالا | فَـرَایْـناهُ قَـدْ امـالَ الْـجَبالا |
| مُنْ رُزِئْنا بـاوحَد العـصر عِـلْماً | وَبَــهاءً وَ بِــهْجَةً وَکَـمالا |
| وَ اجْـتِهاداً و طـاعَةً وَ صَـفاءً | وَسَــخاءً وَعِــفَّةً وَنَــوالا |
| هُوَ بَـحْرُ العـلوُم شَـرْقاً و غَـرباً | وَیَــميناً وقــبْلةً وَ شِــمالا |
| هُوَ قُطبٌ عَلَيْهِ دارتْ رحَىَ العِر | فانِ، و هَوالفَـريدْ قـالاً وَ حـالا |
| وَلِعُثْمانَ ذيِ الحَیاء و ذيِ النَـوْ | رَيْـنِ صـحَّ انـتسابُه اِجْـلالا |
| وَ بِـهِ ازدانَ دیـننا و طَـرَيقُ ال | نَـقْشبندِی زادَ مِـنْه جَـمالا(٢) |

(١) حاضر: شارنشین، بادی: دەشت نشین، نادی: ئەنجومەن، باع : باوەش، کـەنار، داوێـن، عَـمُرَتْ: ئاوەدان بوەوە، پڕ نیعمەت بو، رباع: جەمی رَبع بە واتای خانو: حاڵەتو سەر و بارو دۆخ. ـ سریرة: دڵو نیەت، مُعْدِمٍ: ژارونەدار، اَفْعَمَ: تەژی کرد.

(٢)اَیْدِی جەمی یەدە، بەواتای دەسە، أَیادِی جەمی جـەمە و بـەواتـای نـیعمەتە، مَأَلَا ئـەلفەکـەی بۆ ئیتلاقەو مُالَ بەواتای کووربونەوەو ئوگربونە، (امُالَ) کووری کرد، وێـرانـی کـرد، چـەماندی یـەوە، خواری کرد، رُزِئْنا: مەینەتاوی بوین، لەچاوگەی (رزْء)ە ـ بـە واتـای دەردو رەنـجو مـەینەتە، بَـهاء: روناکی، نَوال: بەخشین: دارَتْ: گەرا، سەیرانی کرد، رَحَی: ئاش، چەرخ.

Dr.Saleh Ebrahimi



شاعیرێ دیکەش لە مێژوی وەفاتی حەزرەتی مەولانا دا فەرمویەتی:

**هۆنە**

مٰا یقولَ الْعَبدُ : اَرْخِ **(خالد قطب تُوَفّٰی:)**

کە بەرانبەرە لەگەڵ ساڵی ۱۲۴۲ کۆچی مانگی کە مەولانا خالد لەو مێـژوەدا. بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە.(١)

**خاو خێزانی حەزرەتی مەولانا خالد.**

مەولانا چوار کوڕی بەم ناوانە بوە ـ ١ ـ بَـهاء الّـدِین مـحمّد ٢ ـ شَـمْسَ الّـدین عبدالّرحمٰن ٣ ـ شهابالّدِین ۴ ـ نجمالّدِین.

هەر وەکو کلودیوس جیمس ریچ دەنوسێ: چوار ژنیشی هەبوەو خەڵک مەولانا خالدیان لە حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی کورد (غوث الاعظم قدس‌الله اسرارَهُم العِلّیه) پیێ گەورەتر بوە، مەولانا خالد کچێکیشی بەناوی (فاطمەبوە، کـوڕی یـەکـەمو دوەمی چەن ڕۆژ بەر لەوەفاتی مەولانا مردونو سێوەمەکەیشی چەن ڕۆژ دوای وەفاتی مەولانا بە بیماری تاعون(٢) مردوە.

نەجمەدین لەکاتی وەفاتی مەولانادا یەک ساڵانە بوەکە لەدواییدا گەورە بـوەو لای (شێخ محمّد صاحب) تۆبەی کردوەو چوّتە سەر ڕێبازی نەخشیو سەر ئەنجام لە ساڵی ۱۲۷۰ ی کۆچی مانگی کۆچی دوایی کردوە.

فاطمە خاتونیش لە ساڵی ۱۲۴۱ ی کۆچی لەدایک بوەو لەسۆینگەی شیاوی و لێهاتوییو ژیریو زرەنگی و ئەوین بە خوێندن دوای گەیشتن بە تەمەنی خوێندن دەس دەکا بە خوێندنو نوسینو تاپلەی پێگەیشتنو کەماڵ بە دوای ئامانجی خۆیدا ئەڕوا.

---

(١) تاریخی مەشاهیری کورد ئوستاد بابامەردوخ ڕوحانی (قدس سرە)

(٢) (وبا): (زگچون)

Dr.Saleh Ebrahimi



مەولانا خالد کاتێ لە **مەدینەی مونەوەرە بووە**، ئەم پارچە هۆنەی فەرموە:

**هۆنە:**

وە ئـەو داڵ نـەکـەم وە ئـەوداڵ نەکـەم
تاکەی خۆم چون قەیس وە ئەوداڵ نـەکـەم
بـازوی دەروێشـیم پڕ خـرخـاڵ نـەکـەم
پۆ شـاکێ جـە لۆنگ شـا دەسـماڵ نـەکـەم
چـەنی دەیـری یـان مـاڵ بـە چۆڵ نـەکـەم
تـەحصیل، ڕۆژی بـەکـە شکۆڵ نـەکـەم
فـەناییم بـە خـاک سـەحرای بـەر نـەکـەم
بـەکـانی و سێلاو دیـدەم تـەر نـەکـەم
بێـخ ڕیشـەی نـەخل زەوقـم پـەی نـەکـەم
چار گۆشەی جیهان بـە سکـەن تـەن نـەکـەم
پـەرێ بـەخت وێـم خـاک وەسـەر نـەکـەم
یـامەن هـوو پـەی سـەد سکـەندەر نـەکـەم
جـەقەومو عـەشرەت خـوم بێزار نـەکـەم
عـەزم وە ئـەی کـابل و قـەندەهار نـەکـەم
(خـالد) بێ! ڕەفـیق، ڕۆژ وە شـەو نـەکـەم
چون قاف ئاوان، تـەرک، خـەو، نـەکـەم[1]

---

(١) یادی مەردان ج ١ پەرەی ٦٢٢ چاپی ١٩٧٩ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

Dr.Saleh Ebrahimi



## حەزرەتی مەولانا خالد نەخشبەندی شارە زوری:

دەریای عیرفانو زاناو شاعیرێکی بەهێزو جوامێرێکی فاضلو گەورەو نورانی و هۆزانفان بو، بەعەرەبی، فارسی، کوردی کتیبو دیوانی هەیە، بەو تەمەنە کەمەوە بەو هەموە کەندو کۆسپو کارەوە، شوێنەوارو نوسراوە یەکی زۆر و بە کەڵکی هەیە، بۆ وێنە:

ـ ١ ـ کتێبێک لە بابەت ئیرادەی جوزئیە بەناوی (عِقْدِ جوهری) لەسەر فەرق لەنێوان ماتریدیو ئەشعریدا، کە زانای ناودار شێخ ئیبراهیم فەصیح بن صبغة الله بن محمد ئەسعەد حەیدەری لە ژێر ناوی (احسن المقال) لە شەرحی رسالەی خلق الاعمال‌دا شەرحی لێ کردوەو هەروا عەبدولحەمید حەمدی کوڕی حاجی عومەر خەرپوتی لە ژێر ناوی (السبط العَبقری فی شرح العِقدِ الْجوهری) شەرحی کردوە، کە لەساڵی ١٣٠٠ لە ئەستەمبوڵ لە چاپ دراوە، هەروا ئەم رسالە لەلایەن زانای فازڵ عبدالله بن شێخ محمد ئەمین بیتواتی بەناوی (المنحة الوهبیه فی شرح الارادة الجزئیه) شەرح کراوە کە لە بەغا لە ١٣٤٧ کۆچی مانگی لەچاپ دراوە.

٢ ـ کۆبە لەسەر (جمع الفوائد فی جامعِ الْاصولِ و جمع الزوائد) لە فەرمودەی پێغەمەردا نوسراوی شێخ محمد کوری سولەیمانی مەغربی.

٣ ـ کۆبە لە سەرخەیالی عەبدولحەکیم خەیاڵی لە بابەت ئەقیدەوە ولە ئەستەنبول لە ساڵی ١٣٠٧ ی کۆچی لە چاپدراوە.

٤ ـ کۆبە لە سەر (نهایەی شێخ رەمەلی) لە زانستی فیقهەدا لە رێبازی ئیمام شافعی‌دا (د ـ خ).

(١) نوکتە: شێخ ئیبراهیم فەصیح بن‌صبغة الله بن محمد ئەسعەد حەیدەری نوسراوە یەکی زۆر و بە کەڵکی هەیە و لەساڵی ١٢٣٦ کۆچی و ریکەوتی ١٨٢٠ ی زاینی. لە بەغا لە دایک بوەو لە ١٣٠٠ کۆچیو ریکەوتی ١٨٨٢ ی زاینی وەفاتی کردوەو بۆ ئاگاداری زیاتر لە بابەت شەرحی حاڵی ئەو زاتە بڕوانە کتێبی تاریخ الادب العربی لە عیراقدا نوسراوی عەباس عەزاوی ج ٢ لاپەرەی ٥٨ و ٥٩.

Dr.Saleh Ebrahimi



۵ ـ پەراویێک لە عبادەتدا

٦ ـ شەرحێک لەسەر (اطباق الذهب) لە بابەت ویژاوەریو ئەدەبە وەکە جارالله زمەخشەری بە فارسی نوسیویەتی.

۷ ـ شەرحێک لە سەر مەقاماتی حەریری بە فارسی کە ناتەواوە.

۸ ـ پەراویێک بە ناوی فرائد الفوائد لە شەرحی حەدیسی جبریل لە ئەقیدەداکە بە فارسی نوسیویەتی.

۹ ـ فوائد الضیائیە، کە بریەتی‌یە لە کوّبەگەلیّ لە سەر کوّبەی لیکوّلەری ناودار عەبدولحەکیم سەیالەکوتی لە سەر کوّبەی، عەبدولغەفوری لاری کە ئەویش لە سەر شەرحی جامی یە، لە سەرکافیەی کوری حاجب ـ ی شارەزوری.

۱۰ ـ کتیێبی جلاءالاکدار والسیف البتار فی الصلاة علی النبی المختار کە لە بابەت ئەهلی بەدرە.

۱۱ ـ کتیێبیّ لە اِثباتِ جوازِ رابطە لە تصوف‌داکە لە سالّی ۱۸۹۰ زو ۱۸۹۲ لە شاری قازان ـ ی شورەوی لە چاپدراوەو هەروا چاپی سەنگی ئەوە، بە شەر حێکەوە بەپێی حروفی موعجەمە لە سالّی ۱۳۲۱ کوّچی داناوەکە بە (جالیة الاکدار و السیف البتار فی‌الصلاة علی النبی المختاریش ناو براوە و بە تورکی لە سالّی ۱۲۸۴ کوّچی بلاّو کراوەتەوە.

شیاوی زانینە لە معجم المطبوعات‌دا ئەم‌کتیێبە لە ژیێر ناوی الرساله الخالدیه فی الرابطه النقشبندیه، بە ناوی جیاجیا: شیێخ خالد بەغدایی نەخشبەندی، النقشبندیه، الشیێخ خالد الکوردی و العثمانی، شیێخ خالد بەغدایی لە چاپدراوەکە مەبەستی هەمویان حەزرەتی مەولانا خالد، نەخشبەندی یە،[۱]

۱۲ ـ رسالەیەک لە دابو دەستوری زیکرداکە لەگەلّ (کتیێبی بغیة الواجد فی

---

(۱) بروانە معجم المطبوعات لاپەرەی ۸۱۳ و ۱۸٦۵ و کوّواری گرشەی کوردستان ژمارەی ۳ سالّی دووم چاپی ۱۹۸۱ ز.

Dr.Saleh Ebrahimi



مكتوبات) حەزرەتی مەولانا خالد، ناو براوە.

١٣ ـ رسالە یەک لە دابو دەستوری مورید لەگەڵ مورشیدی خۆیدا کە لە کۆبەی کتێبی حديقة الندیە لە ئادابی تەریقەی نەخشبەندیە و البهجة الخالدیەدا لە ساڵی ١٣١٣ چاپ کراوە.

١٤ ـ رسالە یەک لە (ڕێگا) دا، کە لە میسر لەساڵی ١٢٦٢ لە چاپدراوەو لە ساڵی ١٢٥٧ حاجی شەریف ئەحمەد، کوری عەلی کردویە تەتورکی.

١٥ ـ مەجموعەی موکاتەباتی مەولانا بە عەرەبی و فارسی کە بەناوی (بغیة الواجد فی مكتوبات) مەولانا خالد کە لەلایەن (محمد ئەسعد صاحیب) دوای هەڵەگیری و ڕێک کردن لە ساڵی ١٣٢٤ لە دیمەشق لە چاپ دراوە.

١٦ ـ وەصیەت نامەی مەولانا خالد، لە ساڵی ١٢٨٤ لە ئەستەمبوڵ لە چاپدراوە و لە (بغیة الواجد) یشدا دوبارە لە چاپدراوەتەوە.

١٧ ـ شەرحێک لە سەر (عەقایدی عەضودی.)

١٨ ـ دیوانی ئەشعاری مەولانا خالد بەکوردی، فارسی و عەرەبی کە لە ساڵی ١٢٦٠ ی کۆچیو ڕێکەوتی ١٨٤٤ زاینی لە ئەستەمبوڵ لە چاپ دراوە.

١٩ ـ تەتمەی تەعلیقات لە زانستی مەنتقدا.

٢٠ ـ شەرحێ بە فارسی لەسەر فەرمودەی بڕواو ئیسلامو ئیحسانەوە.

**ئەوکتێبانەی کە لەبارەی مەولانا خالد وە نوسراون:**

لە بارەی گەورەیی و زانایی و خواناسی مەولاناکتێبێ زۆر نوسراوە کە گرینگترینیان بەم جۆرەن: ـ

١) سل الحسام الهندی لنصرة مەولانا خالد نەخشبەی نوسراوی محمد ئەمین کوری سەید عومە رناودار بە (ابن عابدین) کە لەساڵی ١٣٠١ لە دیمەشق لەچاپ دراوە

٢) اصفی الموارد لە سلسالی ئەحوالی مەولانا خالد دا، نوسراوی شێخ عوسمان

Dr.Saleh Ebrahimi



بن سندوائلی نەجدی کە لە ساڵی ۱۳۱۳ کۆچی لە میسر چاپ کراوە، ئەم کتێبە لە لایەن شێخ ئەبو بەکر کوری شیخ مەجد، ئەحسائی بە نـاوی (نـەشری وەردی) لە ئـەخباری مەولانا خالد نەخشبەندی کوردی، کورت کراوەتەوە. لەو کتێبەدا شیعرێ زۆر جوان و پیرواتای هەیە وەکو:

ایا منزل الاکراد بورکت مـنزلا　　لنا فیه اقـمار المـعارف تشـرق
سعدت فیما صحبت الاحـدیقة　　بها زهر التحقیق بالدرس مورق

تا ئەوجێگایەکە ئەلی:

ولکـــنهم قـــوم کـــرام فـــصبهم　　سعید و ان بالبعد والصدذوقوا.(۱)

۳) الفیض الوارد علی روضة مرثیة مەولانا خالد نوسراوی ئەبو سـەنا مـەحمود آلوسی چاپی کەستەلیەی ساڵی ۱۲۷۸ کۆچی.

۴) حەدیقەی ندیە لە رێبازی نەخشبەنی و بەهجەی خالدیە نوسراوی عـەللامـە محەمەد کوری سولەیمان، کوڕی مراد، کوڕی ئەو رەحمان عوبەیدی بەغایی حەنەفی نەخشبەندی لە خەلیفەکانی مەولانا خالدەکە شەرحی حالی مەولانای بە درێژی تیا باس کردوە، ئەم کتێبە لەکۆبەی (ئەصفی الموارد) چاپ کراوە.

۵) مەجدی تالد لە مەناقبی مەولانا خالد بە قەڵەمی ئیبراهیم فەصیح حـەیدەری کوردی بەغایی کە لە ساڵی ۱۲۹۲ ی کۆچی لەئەستەمبوڵ لە چاپدراوە.

٦) الاساور العسجدیه فـی المـاثر الخـالدیه) نـوسراوی شێـخ حـوسین کـوری ئەحمەدی بەصری دەسوری.

۷) نەشر الوردی باخبار مەولانا خالد نەخشبەندی کوردی نوسراوی ئەبو بەکر کوردی محەمەد حەنەفی ئیحسائی کە لە (مدیریت) ئەوقافی بەغا بە ژمارەی ۱۴۸۲۶ هەیە.

۸) القول الصائب بَردِّ ماسُمِیَ بتحریر الخطاب نوسراوی محمد ئەمین موفتی حلّە.

---

(۱) کتێبی ژیناوەری رانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی نوسراوی دوکتور (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



٩) السهم الصائب لمن سمی الصالح بالمبتدع الکتاب نـوسراوی مـحمد ئـەمین سویدی بەغایی.

١٠) البهجة السنية فی آداب الطریق العلیة الخالدیه نوسراوی عـەبدوللاّ خـانی چاپی ١٣٠٣کۆچی.

١١) حصول الانس فی انتقال حضرة مەولانا خالد الی حضرة القدس نوسراوی سەید سمایلی غەزی عامری موفتی شافعی لە دیمەشق، شام.

١٢) ریاض المشتاقین فی مناقب مەولانا خالد ضیاءالدین نوسراوی مەلا حـامد بیارە، شارە زوری کە نوسخەی لە خانەقای بیارە هەیە.

١٣) مسلمی الواجدو مثیر التواجد فی تشطیر مرثية) مەولانا خالد نوسراوی شێخ داود کوری سولەیمان، کوری جرجیس کە نوسخەی لەئەوقافی بەغا بە ژمارەی **٥٧٦٥** هەیە.

١۴) بغیة الواجد فی مکتوبات حضرة مـەولانا خـالد نـوسراوی شێـخ ئـەسعەد صاحب زادە کە لە ١٣٣۴ ی کۆچی ڕێکەوتی ١٩٢۴ ی زاینی لە دیمەشق چاپ کراوە.

١٥) الفیوضات الخالدیه نوسراوی شێخ محمد ئەسعەد صاحب زادە کە لە گەڵ (نور الهدایه والعرفان) لە چاپدراوە.

١٦) نور الهدایەو العرفات فی سر الرابطه و التوجه و ختم خواجەگان نوسراوی محمد ئەسعەد صاحبزادە چاپی ١٣١١ ی کۆچی عیلمی قاهرە.

١٧) جمع القلائد و مجمع الشوارد فی فرائد حضرة مـەولانا خـالد نـوسراوی محمد ئەسعەد صاحبزادە.

١٨) الرحمة الهابطه فی ذکر اسم الذات و الرابطه نوسراوی شێخ حوسین کوری ئەحمەد دەسوری، خاوەنی کتێبی الاساور العسجدیه فی الماثر الخالدیه.

١٩) الحدائق الوردیه نوسراوی عەبدولحەمید کوری خانی خالدی نەخشبەندی.

٢٠) السعادة الابدین فیما جاء فی النقشبندیه چاپی ١٣١٣کۆچی میصر.

٢١) الانوار القدسیه فی مناقب السادة النقشبندیه نوسراوی محمد کوری محمد